سەماحەتی حەکیم لەگەڵ سەرکی تایفەی سائیبەی مەندائی باسی گرنگی فرەیی بەیەکەوە ژیانی ئەرێنی لە عێراق دەکات



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە شێخ ستار ئەلحلو کرد کە سەرکی تایفەی سائیبەی مەندائییە لە عیراق و جیهاندا، لەم دیدارەش باس لە سروشتی پێکهاتەی عیراقییەکان و کاریگەرییان لەسەر دەوڵەمەند کردنی کەڵەپووری عیراقی کرا.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە تایفەی مەندائی و پێگەیان لە کەڵەپووری عیراقی گرنگی خۆی هەیە و ڕۆڵی زۆری هەیە لە بلاوکردنەوەی کەلتوور و ڕۆشنبیری و زانیاری لەڕێگەی زاناو کەسایەتییە کاریگەرەکانیان لە زۆربەی بوارەکاندا.

بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر پێویستی گواستنەوە لە قۆناغی پێکەوەژیانی ئاشتیانە کردەوە بۆ پێکەوەژیانی ئەرێنی و تێکەڵاوبوونی ئاستەقینە لە نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا و جەختی لەوە کردەوە کە بەرەوپێبردنی هەمەچەشنی هێزەکە بۆ عێراق و دەرفەتێکی فراوانتری بۆ کاریگەری لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەرخسێنێت لە ڕێگەی پێکهاتە جەراوجەرەکانی کە پردی پێوەندییەکان لەگەڵ وەتانی دراوسێ و جیهاندا پێکدەهێنن...

هەروەها جەختی لەسەر گرنگی پاراستنی نوێنەرایەتی سیاسی دادپەروەرانە بۆ پێکهاتەکان کردەوە و ئاماژەی بۆدا کە ئەم نوێنەرایەتییە دەبێت ڕەنگدانەوەی واقیعی کەمایەتییە ئاستەقینەیان بێت...
لەکۆتایی دیدارەکە، بەڕێز حەکیم باسی گرنگی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کرد لەگەڵ کاریگەری لەسەر بڕیاری هێنانی گۆڕپێدان و سەقامگیری بردەوام و داواشی کرد بەهۆشیاری مامەڵە لەگەڵ ئەو قۆناغە و پێوستییەکانی بکرێت.